حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی هەڵەبجە
کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی جوگرافیا


# جیۆمۆرفۆلۆجیا

ئامادەکردنی: محمد عبدالفتاح

بەسەرپەرشتی: م. هێمن کەمال


# پێشەکی

جیۆمۆرفۆلۆجیا پێناسە دەکرێت بە زانستی شێوەکانی ڕووی زەوی. ئەم زانستە چەندین پێناسەی تری هەیە کە باسی هەموو دیاردە تۆپۆگرافیەکانی سەر ڕووی زەوی دەکات و زانیارییەکی بنەڕەتی دەدات لەسەر هەموو بەردەکانی سەر ڕووی زەوی. لەگەڵ دەرخستنی پلەو مێژووی گەشەکردنی ئەو دیاردانە.



# زاراوەی جیۆمۆرفۆلۆجیا

دەستەواژەی جیۆمۆرفۆلۆجی واژەیەکی لێکدراوە [illegible] به واتای زەوی دێت و مۆرفۆ بەمانای شێوە و لۆجی واتای زانست دەگەیەنێت، هەمووی پێکەوە واتای زانستی شێوەکانی ڕووی زەوی دەگەیەنێت. ناتوانین دەست نیشانی ئەو کاتە بکەین کە مرۆڤ دەستکردووە بە گرنگی دان بـە شـێوەکانی ڕووی زەوی، بـەڵام دەتـوانین هـەر لەسەرەتای دەستپێکردنی ژیانی مرۆڤایەتیەوە لەسەر ڕووی زەوی بەشێوەیەکی خۆکردە مرۆڤ توانیویەتی ئەو ناوچانە دەسـت نیشان بکات کە بۆ ژیانی خۆی باشە.



# سەرهەڵدان و گەشەکردنی هزری جیۆمۆرفۆلۆجی

هزری جیۆمۆرفۆلۆجی چەندین قۆناغی درێژخایەنی بڕیوە تاوەکو بۆتە زانستێکی گونجاوو شیاو. بێگومان شوێنکەوتنی کەلەپووری ئەم زانستە بەسوودە بۆ پێگەیاندنی چەند فێرخوازێکی شارەزا کە هەست بەوە بکەن ئەم زانستە بەردەوام لە گەشەکردندایەو ئەمەش ئەو خاڵەیە وا لەو خوێندکارانە دەکات قایل بن بەبیروڕاو هزری نویێ. ئەوەشیان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو هزرە جیۆمۆرفۆلۆجیانەی ئەمڕۆ بەلامانەوە پەسەندەو بنچینەیەکی جێگیرە پێشتر بەهۆی پێداگری و سووربوونی خاوەن بیرۆکەکانەوە لەسەر قسەکانیان و سەلماندنیان بەڕێگەی زانستی هاتۆتە قبوڵکردن.

# بابەتی توێژینەوەی جیۆمۆرفۆلۆجی

ئەگرە بڕگەکانی وشەی جیۆمۆرفۆلۆجی وەربگرین و شی بکەینەوە ئەوا گۆڕەپانی توێژینەوەکانی، هەموو ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بەشێوەی بەرزو نزمی گۆی زەوییەوە، بەلام بنەڕەتی دیاردە بەرزو نزمیە گەورەکانی توێکلی زەوی ناچێتە نێو گۆڕەپانی لێکۆڵینەوە جیۆمۆرفۆلۆجیەکانەوە، هەروەها تێگەیشتن لەهێزو کردارەکانی بەرپرس لەپێچاوپێچی و شکان و زەمین لەرزەو گڕکان و دابەشبوونی وشکانی زەوی و دەریا و زەریاکان لەڕابردوودا لەنێو توێژینەوە جیۆمۆرفۆلۆجیەکاندا بوو، بەلام پلە بە پلە چووە نێو گۆڕەپانی زانستی سروشتی زەوییەوە. ئەم جۆرە لێکۆڵەرانەوە پێویستە زیاتر بەتێگەیشتنە لەبیرکاری و سروشت وەك لەوەی جیۆمۆرفۆلۆجیا باسی بکات. هەروەها دەتوانرێت هەریەکە لە جیۆلۆجیا و جیۆگرافیا بەلایەنێکی گرنگی زانستی بیرکاری و سروشتی بە ئەزموون و ئەنجامدان دابنرێن.

سەرباری ئەوەی هەندێك لە كتێبە جیۆمۆرفۆلۆجیەكان و ئەو فەرهەنگانەشی كە باس یان پێناسەی زانستی جیۆمۆرفۆلۆجیایان كردووە یەكرِان لەسەر ئەوەی شێوەكانی بەرزۆ نزمی پلە دوو كە، لە ئەنجامی كارلێكی بەرگە بەردی توێكلّی زەوی لەگەلّ رِەگەزەكانی بەرگەگازدا دروست دەبن كە خۆیان لە پرِۆسەی رِامالّینی جۆراوجۆرو دابەشكراوی سەرگۆی زەویدا دەنوێنن.

# سەرچاوەکان


- جیۆمۆرفۆلۆجیا، د. عەلی عبدالوهاب، و: گەرمیان محمد، چاپخانەی ڕێنما.
- دەروازەیەك بۆ چەمكەكان، فارس نەورۆڵی، چاپی چوارەم، 2019.